لیواکانی حزبوڵای عێراق: هێرشەکانی کەرکووک پەیوەندی بە ئێمەوە نییە

ئەبوعەلی عەسکەری بەرپرسی ئاسایشی لیواکانی حزبوڵای عێراق رایگەیاند، هێرشەکانی کۆگای غازی کەرکووک پەیوەندی بە رکابەری نێوان کۆمپانیاکانی وزەوە هەیە و نابێت بەسەرتاوە بۆ گروپە چەکدارەکانەوە.

ئەبو عەلی عەسکەری بەرپرسی ئاسایشی لیواکانی حزبوڵای عێراقی لە راگەیەنراوەکدا باویکردووە، هێرشکردنە سەر کۆگەی کەرکووکی پارێزگای سلێمانی دەچێتە بواری کێبڕکێی کۆمپانیاکانی وزە لە ناوچەکە.

ئاماژەی بەوەشکردووە، نابێت گروپەکانی سەر بە "مقاومەی عێراقی"بەرپرسیاربکرێن لەو هێرشە، چونکە ئامانجی ئەوان رونە، دوژمنایەتی ئەوانیش تەنها لەگەڵ ئەمریکا و "قەوارەی زایۆنیە"، چونکە ئەو دو لایەنە بە هێز نابێت تەگەیشتنیان نییە.